**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوكمی بڕگەی (١ ) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٢٣)ی رۆژی ٢٠١٠/١٢/٣٠ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای پێشینەی هاوسەری لە هەرێمی كوردستان ـ عێراقدا

**ماددەی یەكەم:**

حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بە گوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ساڵانە بڕە پارەیەك لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم تەرخان دەكات، بۆ دابین كردنی پێشینەی هاوسەری بۆ ئەو هاووڵاتیانەی ئارەزوو دەكەن وەریبگرن.

**ماددەی دووەم:**

پێشینەی هاوسەری بەگوێرەی ئەم بنەمایانە دەدرێت:

**یەكەم:** دەبێ ئەو كەسەی داوای پێشینە دەكات، هاووڵاتیی هەرێمی كوردستان ـ عێراق بێت و تێیدا نیشتەجێ بێت.

**دووەم:** داواكاری پێشینە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو كرد بێت.

**سێیەم:** دەبێ گرێبەستی هاوسەریی لەلای دادگاكانی تایبەتمەندی هەرێم كرد بێت.

**چوارەم:** نابێ سوودی لە پێشینەیەكی دیكەی هاوسەری وەرگرت بێت.

**پێنجەم:** ئەگەر فەرمانبەر بوو نابێ خاوەن پلەی تایبەت بێ.

**شەشەم:** ژن و پیاو بۆ مەبەستی مافی پێشینە بەیەك كەس دادەندرێن.

**ماددەی سێیەم:**

ساڵانە پێشینەی هاوسەری بەو جۆرەی لەگەڵ هەلومەرجی ئابووریدا دەگونجێت، لە بودجەی گشتیدا دیاری دەكرێت.

**ماددەی چوارەم:**

هیچ سوودێكی یاسایی ناچێتە سەر پێشینەی خەرج كراو.

**ماددەی پێنجەم:**

لە حاڵەتی مردنی داواكاری پێشینە بەر لە دانەوەی، میراتگرەكانی لە بڕی پێشینە یان ئەوەی كە لێ ماوە دەبەخشرێت.

**ماددەی شەشەم:**

لە حاڵەتی تەڵاق یان جیابوونەوە یان بەتاڵ کردنی گرێبەستی هاوسەری لە نێوان ژن و مێرد، پێشینەی خەرج کراو لە داواکارەکەی وەردەگیرێتەوە، کە بە قەرزێکی نایاب دادەنرێت، بەگوێرەی حوکمەکانی یاساکانی کار پێ کراو لە هەرێم سەبارەت بە وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت.

**ماددەی حەوتەم:**

کەس مافی پێشینەی نییە بێ لەوانەی یەکەمین گرێبەستی هاوسەرییانە.

**ماددەی هەشتەم:**

دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**(د. کەمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

خێزان بناغەی کۆمەڵە، گرفتی پێکهێنانی و هاوسەری لە هەلومەرجی ئێستادا بووەتە کێشەیەکی بەرجەستە، کە توێژێکی فراوانی لاوانی فەرمانبەر و هاووڵاتیانی کەم دەرامەت دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر هاووڵاتییەك مافی هاوسەری و پێکهێنانی خێزانی هەیە و، لە پێناو سووك کردنی باری ئەم کێشەیە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا